# Asylum Support Partnership
## help and advice

Kurdish (Sorani) — March 2012

# ئایا کەسێکی دەستکورتیت و گەیشتوویتە قۆناغی کۆتایی رەوتی پەنابەریت؟

ئایا فەرمانگەی سنووری بەریتانیا (UKBA) داوای پەنابەرییەکەتی رەت کردۆتەوە؟ ئایا لە پێداچوونەوەکانی پەنابەریتدا سەرکەوتوو نەبوویت؟ ئەگەر تاکو ئێستا پشتت بەو پشتگیرییە بەستووە کە لەـ فەرمانگەی سنوور (UKBA) وەرت گرتووە ئەوا لەوانەیە UKBA چیتر پشتگیریت لێنەکات. هەرکاتێك داواکارانی پەنابەری هیچ مافێکیان بۆ پێداچوونەوە نەمابێت ئەوا UKBA بە داواکارانی پەنابەریی کۆنیان دەزانێت.

بە شێوەیەکی ئاسایی، دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە چاوەڕوانیی ئەوەیان لێت دەبێت کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە لە شانشینی یەککگرتوو دەربچیت، یان خۆیان ئامادەکاریی پێویست بۆ دەرکردنت لەم وڵاتە ئەنجام دەدەن. ئەگەر UKBA نەتوانێ دەستبەجێ لە شانشینی یەککگرتوو دەرت بکات، ئەوا لەوانەیە لە شوێنی حەوانەوەو پشتگیریی دارایی بێبەش بکرێیت.

ئەگەر تووشی ئەم حاڵەتە هاتوویت، ئەوا لەوانەیە بتوانی داوا لە UKBA بکەیت بۆ ئەوەی چەپکێکی پشتگیری زۆر سنووردار بەناوی 'پشتگیریی سکشن 4 (‘Section 4 support’) ' وەربگریت. ئەم پشتگیرییە زیاتر بۆ ئەو داواکاری پەنابەرییە کۆنانەیە کە منداڵیان نییە. ئەو داواکاری پەنابەرییانەی کە منداڵی تەمەن ژێر 18 ساڵیان هەیە بەردەوام پشتگیری دەکرێن تاکو لە شانشینی یەککگرتوو دەردەچن.

## پشتگیریی سکشن 4 چییە؟

ئەگەر شیاوی وەرگرتنی پشتگیریی سکشن 4 بیت، ئەوا UKBA شوێنێکی حەوانەوەو هەروەها کارتێکی Azure بۆ کڕینی خۆراك و کەل و پەلی سەرەتایی تر وەکو پێداویستییەکانی پاك و خاوێنی بۆ دابین دەکات. هیچ پارەیەکتان پێ نادرێت. بری پارەی یارمەتی خەرجی حەوتانەی ئێوە بە رادەی £35.39 لە حەوتەدا بۆ هەر کەسێک دەخرێتە کارتێکی پارەدان. بەکارتی Azure دەکرێ ل ەهەندێ فرۆشگەی دیاریکراو لەوانە Asda و Tesco شتومەکی پێویست وەکو خواردەمەنی، پێویستی رازانەوەو مەوادی خاوێنکردنەوە بکڕدرێت. بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆرتر سەبارەت بە کارتی پارەدانی Azure نامیلکەیەک بە ناو "کارتی پارەدانی: Azure سکشنی 4" لە ناونیشانی ئینتەرنێتی خوارەوەدا چاولێکەن: http://languages.refugeecouncil.org.uk/english/summary.htm#26

ئێوە بە ئەگەرەوە لە ناوچەیەک لە دەرەوەی لەندەن نیشتەجێ دەکرێن. ئێوە بەتەنیا پێشنیارێکی نیشتەجێ کردن وەردەگرن و ئەگەر بەهەر هۆیەک ئەم پێشنیارە قبووڵ نەکەن، UKBA دەتوانێت یارمەتیەکانی خۆی لە ئێوە ببڕێت. تەنیا لە حاڵەتی ریزپەڕدا، ئەو داواکاری پەنابەریانەی کە پشتگیریی سکشن 4 وەردەگرن دەتوانن بۆ شوێنێك بگوێزرێنەوە کە لە ئەندامانی خێزانیان نزیکتر بن.
زۆری پێدەچێت کە چەند کەسێکی تریش لەگەڵت لە شوێنی حەوانەوەکەتدا بژین. ئەگەر چەند هۆیەکی تایبەتیت سەبارەت بەوە هەیە کە بۆچی بۆت گونجاو نییە لەگەڵ خەڵکی تر بژیت، پێویستە ئەم هۆیانە بە نووسراو ئاراستەی UKBA بکەیت.

## پێوەرەکانی دەستەبەرکردنی مەرجەکانی وەرگرتنی پشتگیریی سکشن 4 چین؟

UKBA چەند مەرجێکی زۆر دژواری سەبارەت بە پێشکەشکردنی پشتگیریی سکشن 4 دیاری کردوە. یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکان بریتییە لەوەی کە پێویستە بە کەسێکی دەستکورت بێنە بەرچاو یان بە ئەگەرەوە لە ماوەی 14 رۆژدا ببنە دەسکورت. ئەمە بەو واتایە کە ئێوە و خزمەکانتان خانووبەرەی شیاو یان ئیمکاناتی پێویست بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەتان نییە وە/یان ناتوانن پێویستیە بنەڕەتیەکانی خۆتان وەکو چێشت دابین بکەن. پێویستە روونی بکەیتەوە کە چۆن توانیوتە تاکو ئێستا گوزەرانی ژیانت دابین بکەیت و دەبێت بۆ سەلماندنی قسەکانت بەڵگەت پێ بێت.


Asylum Support Partnership is a partnership project hosted by the British Refugee Council
British Refugee Council, (commonly called the Refugee Council) is a company limited by guarantee registered in England and Wales, [No 2727514] and a registered charity, [No 1014576].

OISC No: N200100132
Community Legal Service

**پێویستە بیسەلمێنیت کە بە لانیکەم یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ دەکەیت:**

1. ئێوە دەبێت کاری پێویستتان بۆ بەجێهێشتنی بەریتانیا جێبەجێ کردبێت یان خەریکی ئامادەکردنی خۆتانن بۆ وەها کارگەلێک.

2. یان نەتوانی لە شانشینی یەکگرتوو دەربچیت چونکە کێشەیەکی جەستەییت هەیەو ناتوانی بۆ وڵاتی خۆت سەفەر بکەیت یان هۆیە پزیشکیەکانی تر، بۆ نمونەنە خۆشیت یان لە قۆناغە دوایییەکانی دووگیانی دایت.

3. یان داوات لە دادگای باڵا (High Court) کردووە چاو لە بریاری رەت کردنەوەی داوای پەنابەریت لەلایەن UKBA بکاتەوەو دادگاش رێگەی ئەم کارەی پێداویت. سەرنج بدە کە لە سکۆتلەندا تەنیا پێویستە نیشان بدەیت کە داوای چاوپێداخشاندنەوەی یاساییت کردووە. ئێوە دەتوانن داواکاریی گرنگی خۆتان لەوانە داواکاریەکی نوێ پەنابەری پێشکەشی UKBA بکەن.

4. ناتوانی سەفەر بکەیت چونکە هیچ رێگەیەکی سەلامەت و بێ مەترسی بۆ گەڕانەوەت نییە. بەگوێرەی UKBA، لەکاتی ئێستادا هیچ وڵاتێک نەماوە کە ئەم بابەتەی بەسەردا بچەسپێت. نوێنەری یاسایی ئێوە یان راوێژکاری خزمەتگوزاریی یەک وێستگە (One Stop Service) دەتوانن ئەگەر گۆڕانکارییەک هەبێت ئاگادارتان بکەنەوە.

5. یان بەمەبەستی خۆپاراستن لە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤیت پێویستە شوێنی حەوانەوەت بۆ دەستەبەر بکرێت ، بۆ نموونە، ئەگەر داواکاریەکانی ترت پێشکەش کردبێت کە هێشتا لێکنەدرابێتنەوە و دووپاتکردنەوەی ئەو زانیاریانەی نەبێت کە پێشتر لێکدراونەتەوە یان هیچ وردەکاری و زانیاریی نوێ لەبەر نەگرن.

UKBA هەموو داواکارییەکان بۆ وەرگرتنی پشتگیریی سکشن 4 یەك بەیەك هەڵدەسەنگێنێت و داواشت لێدەکات بە بەڵگە پێی بسەلمێنێ کە بۆچی ناتوانیت بگەڕێیتەوە وڵاتی خۆت یان سەفەر بکەیت. ئەم بەڵگەیە دەتوانێت نامەی دکتۆرێک بێت کە تێیدا دەنووسرێت بۆچی ناتوانی سەفەر بکەیت یان بەڵگە نامەیەکی نووسراو بێت سەبارەت بەوەی کە دادگای باڵا رێگەی پێداویت داوای چاوپێداخشاندنەوەی یاسایی بکەیت.

**چۆن داوای پشتگیریی سکشن 4 دەکەم؟**

ئێوە دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە فۆرمی داواکاری ASF1 کە لە رێگای ماڵپەڕی UKBA بەو ناونیشانەی خوارەوە لەبەردەستە، بۆ پشتگیریی سکشن 4 داواکاریی پێشکەش بکەن: http://www.ukba.homeoffice.gov.uk/asylum/support/apply/section4/
پێوەندی بە خزمەتگوزاریی خۆجێیی یەك وێستگە (One Stop Service)ی خۆتەوە بکەو ئەوان سەبارەت بە پڕکردنەوەی فۆرمەکە ئامۆژگاریت دەکەن. راوێژکارێکی خزمەتگوزاریی یەك وێستگە فۆرمی داواکاریت بۆ UKBA دەنێریت بۆ ئەوەی لێی بکۆڵنەوەو لە بڕیارەکەشیان ئاگادارت دەکەن. ئەوان هەروەها دەتوانن زانیاری سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی تریشت پێ بدەن کە لەوانەیە پێویستیت پێیان هەبێت، وەکو خەرجی سەفەرت لە شوێنی حەوانەوەتەوە بۆ ناوەندێکی خۆناساندن. بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆرتر سەبارەت بە شێوەی لەبەردەستدابوونی نزیکترین خزمەتگوزاریی یەک وێستگە، کۆتایی ئەم نامیلکەیە چاولێکەن.

بێجگە لە خزمەتگوزاریی یەك وێستگە، لەوانەیە نوێنەری یاساییت، ناوەندی یاسایی خۆجێیی، ئامۆژگاری هاووڵاتیان (Citizens Advice) یان رێکخراوی کۆمەڵایەتی پەنابەرانیش بتوانن یارمەتیت بدەن بۆ ئەوەی داوای پشتگیریی سکشن 4 بکەیت.

تکایە ئاگادار بە کە دوابەدوای وەرگرتنی نامەی UKBA سەبارەت بەراگرتنی پشتگیریی پێشووت پێویستە داوای پشتگیریی سکشن 4 بکەیت.

پێویستە فۆرمی داواکارییە کە ئیمزا بکەیت بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ئەوەبکەیت کە ئاگاداری مەرجەکانی وەرگرتنی پشتگیریی سکشن 4 هەیت:

- پشتگیریی سکشن 4 بریتییە لە دابین کردنی شوێنێکی حەوانەوەی سەرەتایی.
- بە شێوەیەکی ئاسایی UKBA شوێنێکی حەوانەوەت لە دەرەوەی لەندەن و بە شێوەی "بێ هەڵبژاردن" بۆ دابین دەکات، ئەمەش بەو واتایەیە کە پێویستە لە شوێنی حەوانەوەی ئێستات دەربچیت لە رەوشێکدا نەبێت کە لە بارودۆخێکی تایبەتی ئەوتۆدابیت کە پێویست بکات شوێنێکی حەوانەوەت لە ناو لەندەن بۆ دابین بکرێت.
- بۆ ئەوەی کە بە خاوەن مەرجی بمێننەوە، دەبێت بەردەوام پێوەرە پێوەندیدارەکان دەستەبەر بکەن و UKBA بە شێوەیەکی رێکوپێک بارودۆخت هەڵدەسەنگێنێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت کە ئایا هێشتا شیاوی وەرگرتنی پشتگیریی سکشن 4 هەیت یان نا.
- ئەگەر نەتوانن هەرکام لەو مەرجانەی کە پشتگیریی بەپێی ئەوە پێشکەش دەکرێت دابین بکەن، لەوانە راپۆرت و داواکاریەکانی دواتر بۆ زانیاریی، رەنگە چی تر ئەم پشتگیریەتان پێشکەش نەکرێت.
- ئێوە رێککەون کە هەموو زانیاریەکانی پێوەندیدار بە دارایی خۆتان بخەنە دەروە و بە UKBA رێگە دەدەن کە بە مەبەستی لێکدانەوەی شیاویەتی و دیاریکردنی کڵاو وەسەر نان، دەستی بگاتە زانیاریەکانی دیگەی رێکخراوەکان لەوانە زانیاریی پێوەندیدار بە دارایی.

ئەگەر داواکارییەکەت سەرکەوتوو بێت، UKBA دوای چەند رۆژێك شوێنێکی حەوانەوەت بۆ دەدۆزێتەوە، و بلیتێکی سەفەریشت بۆ دەنێرێت بۆ ئەوەی بتوانی بچیتە شوێنەکە.

## چ ماوەیەك بەگوێرەی سکشن 4 پشتگیریم لێدەکرێت؟

UKBA بە شێوەیەکی ڕێکوپێك شیاو بوونت بۆ وەرگرتنی سکشن 4 هەڵدەسەنگێنێت. ئەوان سەیری ئەوە دەکەن کە ئایا بارودۆخی ژیانت گۆڕاوەیان نا و ئایا هێشتا ڕێگرت لەسەر ڕێگەت هەیە کە پێش بە دەرچوونت لە شانشینی یەکگرتوو بگرێت.

## چی دەبێت ئەگەر داواکارییەکەم بۆ وەرگرتنی سکشن 4 سەرکەوتوو نەبێت؟

**ئەگەر** UKBA داواکارییەکەت بۆ پشتگیریی سکشن 4 ڕەت بکاتەوە، شیاوی ئەوە دەبیت لە دژی بڕیاری ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەت داوای پێداچوونەوە بکەیت و خزمەتگوزاریی یەک وێستگە سەبارەت بە ئاراستەکردنی پێداچوونەوەکەت یارمەتیت دەدات. پێویستە لە کاتێکی دیاریکراوی زۆر کورتدا داوای پێداچوونەوە بکەیت- بە شێوەی ئاسایی لە ماوەی پێنج ڕۆژی کارکردن لە کاتی نامەی بڕیاری UKBA موە.

ئەگەر لە پاش دوایین داواکاریت بۆ پشتگیریی سکشن 4 بارودۆخی ژیانت گۆڕانکاری بەسەرهاتووە دەتوانی دیسانەکە داوای ئەم پشتگیرییە بکەیت. هەروەها دەشێت دیسانەکە داوای ئەم پشتگیریە بکەیتەوە ئەگەر بەڵگەی نوێت بۆ پاڵپشتی داوای پەنابەریت بەدەستەوە هەیە. UKBA چاو بەوەدا دەخشێنێتەوە کە ئایا بەڕاستی کەسێکی دەستکورتیت و لێت دەپرسێت چۆن توانیوتە لە ماوەی دوایین داواکاریت تاکو ئێستا گوزەرانی ژیانت دابین بکەیت.

## چ جۆرە پشتگیرییەکی تر لەبەردەستدا هەیە؟

ئەگەر ئاستەنگی جەستەیی یان فێربوونت هەیە، گوێت بەباشی نابیسێت یان بەباشی نابینیت، نەخۆشی دەروونی یان ئاستەنگی تەندروستی درێژخایەنت هەیە، دەبێت لەوە بکۆڵیتەوە کە ئایا دەتوانی هیچ جۆرە یارمەتییەك لە بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان (social services)ی دەسەڵاتی خۆجێیی خۆت بکەیت یان نا. خۆت یان کەسێك لەجیاتی تۆ دەبێت داوا لەخزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵاتی خۆجێیتان بکەن پێداویستییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی هەڵسەنگێنێت.

ئەگەر گەیشتوویە دوایین قۆناغی ڕەوتی پەنابەری و هیچ مافێکت بۆ پێداچوونەوەی زیاتر نەماوە، داواکاریت بۆ پشتگیریی سکشن 4 ڕەت کراوەتەوە، و ناشتوانی پشتگیری لە خۆت بکەیت، دەتوانی داوای یارمەتی لە ڕێکخراوە خێرخوازەکان بکەیت. لە هەندێك حاڵەتدا، ڕێکخراوەکانی خۆجێیی کۆمەڵایەتی، وەکو کۆمەڵگەی پەنابەران یان دەستەو تاقمی ئایینی لەوانەیە بتوانن خۆراکێکی گەرم، سەوەتەی خواردەمەنی، کەل و پەلی پاك و خاوێنی یان جل و بەرگت بۆ دابین بکەن.

بۆ ئەوەی بزانیت کە ئایا ئەم ڕێکخراوە خێرخوازانە دەتوانن بەم شێوەیە یارمەتیت بدەن، دەتوانی پێوەندی بە نزیکترین خزمەتگوزاریی یەك وێستگە، نووسینگەی خۆجێیی خاچی سوور (Red Cross)، ئامۆژگاریی هاوڵاتیان یان ناوەندی خۆجێیی ئامۆژگاری بکەیت. هەروەها دەتوانی بۆ وەرگرتنی وردەکاریی پێوەندییەکان سەردانی کتێبخانەیەکی گشتی بکەیت. دەسەڵاتی خۆجێییت لەوانەیە خزمەتگوزارییەکی دامەزراندبێت بۆ یارمەتیدانی ئەو داواکاری پەنابەریانەی کە بەم هۆیەوە تووشی دەستکورتی بوون.

## خزمەگوزارییەکانی یەك وێستگە

دامەزراوە خێرخوازەکانی تایبەت بە پەنابەران وەک خزمەتگوزاریی کۆچبەیی باکووری بەریتانیا (North of England Refugee Service)، چالاکی پەنابەران (Refugee Action)، ئەنجومەنی پەنابەران (Refugee Council)، ئەنجومەنی سکۆتلەندی پەنابەران (Scottish Refugee Council) و ئەنجومەنی وێڵشی پەنابەران (Welsh Refugee Council) ڕێکخراوەگەلێکی سەرەکین کە خزمەتگوزاریی ڕێنوێنی، یارمەتی و ڕاوێژکاریی پێشکەشی پەنابەران و پەناخوازان دەکەن. ئەم ڕێکخراوانە لە ڕێگای خزمەتگوزاریی یەك وێستگەوە (One Stop Service) لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی بەریتانیا خەریکی ئاگادارکردنەوەو پێشکەشکردنی ڕاوێژکاریی لە بواری خانووبەرە، پشتگیریی لە مەعاش، پەنابەریەتی، تەندروستی و سەلامەتی و بابەتەکانی دیکە دەبن.

ئێوە دەتوانن تایبەتمەندیەکانی پەیوەندی کردن بە خزمەتگوزاریی یەک وێستگە لە ناوچەی خۆتان لێرەدا بدۆزنەوە:
http://languages.refugeecouncil.org.uk/english/services.htm

## چۆن گیراون و پێویستتان بە ناونیشانێکی کەفالەتە

ئەگەر لە گرتنگە دان و بۆ داواکاریی کەفالەت پێویستتان بە خانوو هەیە، دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە فۆرمی داواکردنی کەفالەتی بەشی 4 (Section 4 Bail Application Form) کە لە ماڵپەڕی UKBA دا بە ناونیشانی خوارەوە لە بەردەستە، بۆ پشتگیریی بەشی 4 داوا بکەن:

http://www.ukba.homeoffice.gov.uk/sitecontent/applicationforms/asylum/section_4_bail_application_1.pdf

ئەگەر لە گرتنگە دان، بۆ دەستەبەرکردنی مەرجەکانی پشتگیریی بەشی 4، پێویستە کە پیشان بدەن کە دەسکورتن یان ئەویە کە یەکێک لە پێنج پێوەری دەستەبەرکردنی مەرجەکانتان هەیە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا.

زانیاریی زۆرتر لەسەر شێوەی داواکاریی کەفالەت دەکرێ دەستەبەر بکرێت لە یەکێک لە گروپەکانی سەردانکەر
لە ظف http://www.aviddetention.org.uk/index.php?option=com_content&view=category&id=5&Itemid=5
ڕێگای کەفالەت بۆ گیراوانی کۆچبەریی (Bail for Immigration Detainees) بە ناونیشانی www.bid.org

Asylum Support Partnership consists of:

North of England Refugee Service, charity number: 1091200 www.refugee.org.uk
Refugee Action, charity number: 283660 www.refugee-action.org.uk
Refugee Council, charity number: 1014576 www.refugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council, charity number: SC008639 www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Welsh Refugee Council, charity number: 1102449 www.welshrefugeecouncil.org